# سەرۆکی هەرێم بەدواداچوون بۆ ووداوەی دێتەزێنەکەی سێران دەکات

ئێمشەو هەینی 2023/12/8 نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ هەڵگورد نەجیب، سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆی سێران، بەدواداچوونی بۆ ووداوی ئاگرکەوتنەوە لە باخانەیەکی سێران کرد کە لە ئەنجامدا ژمارەیەك لە نیشتەجێبووانی گیانیان لەدەستدا و ژمارەیەکی دیکەش بریندار بوون.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆکی هەرێم لە راگەیەندراوەکدا باویکردووە: نێچیرڤان بارزانی وێڕای سەرەخۆشی و دەربڕینی هاوخەمی لەگەڵ خێزان و کەسوکاری قوربانییان، هیوای زووچاکبوونەوەی بۆ برینداران خواست و ئامادەیی نیشان دا بۆ هەر یارمەتی و هاوکارییەکی پێویستی برینداران و بەرکەوتووان.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سەرۆکی ئیدارەی سەربەخۆی سێران و لایەنە پەیوەندیدارەکانی ڕاسپارد بۆ گرتنەبەری هەموو ئەکارەکی پێویست بۆ ئەوەی ووداوی وا دێتەزێن دووبارە نەبنەوە.